حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی

# دۆخی نیشتەجێبون لە نێوان کۆمپانیا وەبەرهێنەکان و سەندوقی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان

## - توێژینەوەیەکی شیکاری و مەیدانیە –

نوسینی / صباح ئیبراهیم

کانونی دووەم/ 2013

## دەسپێك :

لەم کاتەدا هەرێمی کوردستان لە سەرەتای قۆناغی گەشەی ئابوریدا خۆی لە بەرامبەر چەندین پرسی ئابووری –کۆمەلأیەتی بەیەکەوە گرێدراو دەبینێتەوە. یەکێك لەو پرسانە بریتیە لە گرفتی نیشتەجێکردن. بەرەوپێشبردنی دۆخی گوزەرانی هەرکۆمەلگایەکیش لەدابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ هاوولأتیانی کرێنیشین خۆی بەرجەستەدەکات, کە ئەمەش ڕەنگدانەوەو کاریگەری ڕاستەوخۆ دەنوێنێت لە سەر باری تەندروستی و کۆمەلأیەتی و ئابووری تاك و خێزانەکان لەکۆمەلگادا.

## پێشەکی:

سەرەڕای ئەوەی کە گرفتی نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لە ناویشیدا توێژە کەمدەرامەتەکان بە تایبەتی و سالْ بەدوای سالْدا پەرەدەستێنێت , کەچی ئەم گرفتە کەمترین بایەخی پێدراوە لە ڕووی توێژینەوەو لێکۆلینەوەکردن تێیدا کە دواتریش لە ئاکامدا دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبون بە شێوەی زێدەڕۆیی کەئەمەش چەندین کێشەی تری کۆمەلأیەتی وئابووری ونەخشەسازی ... هتد بەدوای خۆیدا دێنێت

ئەو هەنگاوانەی نراون لەم بارەیەدا لە لایەنی حکومەتی هەرێمەوە بۆچارەسەری ئەم قەیرانە بریتیبوون لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێکردن لە ڕێگای کۆمپانیا وەبەرهێنەکان و سندوقی نیشتەجێکردن, ئەمەش بەداخەوە نەبۆتە هۆکارێك بۆ چارەسەری گرفتی نیشتەجێبوون بۆ توێژی سەرەوە کە خۆی لە کرێچیان دەبینێتەوە, بەلْکو جگە لە هێورکردنەوەی کاتی کێشەکە هیچی چارەسەری ریشەی بەدوای خۆیدا نەهێناوە .

بەرزبونەوە ڕێژەی بێکاری و بەخشینی پێشینەی هاوسەرگیری لە لایەن حوکەمەتی هەرێمی کوردستانەوە, سالْ بەدوای سالْدا کێشەکە قوولتر دەکاتەوە و ڕەنگدانەوەکەشی ڕاستەوخۆ لەسەر توێژە کەمدەرامەتکانەوە دەبێت بەوەی کەوا لەتوانایاندا نیە ئەم پێداویستیە سەرەکیە دەستەبەر بکەن کە

هەر تاکێك یان مرۆڤێك ناتوانێت دەستبەرداری بێت یان ئەلتەرناتیفێکی تر شوێنی بگرێتەوە. بۆیە پێویستە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە زیاتری بۆ ئەنجام بدرێت لەچوارچیوەی پلانێکی درێژخایندا, ئەمەش بە خستنەگەڕی تواناکان و دەستبەرکردنی کەڵکی ئابووری ئەو پرۆژە وەبەرهێنەکییانەی کە بۆئەم کەرتە ئاڕاستە دەکرێن.

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکان و فاکتەرە کاریگەرەکان:

### باسی یەکەم: ڕەهەندەکان:

#### 1 - کێشەی ئەم توێژینەوە:

کێشەکە لە پەرەسەندنی قەیرانی نیشتەجێبون لە هەرێمی کوردستان سەرچاوەدەگرێت ,ئەمەش بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە سەر ئەلتەرناتیفەکانی چارەسەر ئەم گرفتە کە خۆی لە دروستکردنی یەکە یان شوقەی نیشتەجێبوون لەئاست داهاتی ئامانجدارەکان دەبینێتەوە.

#### 2 - ئامانجەکان:

1 - زیاتر ئاشنا بوون و ئاگاداربوون لە پەرەسەندنی گرفتی نیشتەجێبوون.
2 - لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرە و چارەسەری گرفتی نیشتەجێبون .
3 - چارەسەری ڕاستەقینەی گرفتی نیشتەجێبون بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان.
4 - بەفیرۆ نەدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیا وەبەرهێنەکان لە سێکتەری نیشتەجێ.

## 3-گرنگی توێژینەوە:

1 - لێکۆلینەوە  لە قەیرانێك کە بە دیاترین گرفتی کۆمەڵگای کوردستانی هەژماردەکرێت ,ئەویش چۆنیەتی چارە سەرکردنی  کێشەی نیشتەجێبوونە بۆتوێژە مام ناوەندو کەمدەرامەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

2 - لێکۆلینەوە لە سەر تەنگەژەی نیشتەجێبون و پەرەسەندنی ساڵ بەدوای ساڵدا ئەوەش دەبێتە دەروازەیەك بۆ لێکۆلینەوەو توێژینەوەی تری چارەسەری گرفتی نیشتەجێبون لە هەرێمدا  .

3 - بوونی گرفتی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بەم قەبارەی ئێستا, هۆکارێکە بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی تر لەبەردەم کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی خانووبەرە کە ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری لە هەریمی کوردستان.

4 - بەهەدەرنەدانی سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیا سەرمایەگوزارییەکان.

## 3-شێواز(المنهجية) :

شێوازی توێژینەوەکە بریتیە لە شێوازی(وصفی)و ڕاپرسی مەیدانی لە ناو پڕۆژە نیشتەجێبوەکانی ئەنجامدراو لە هەر سێ پارێزگا(هەولێر-سلێمانی-دهۆك)و ئیدارەی گەرمیان , بۆلێکۆلینەوە لە پەرەسەندنی قەیرانی نیشتەجێ ئەمەش بە پشتبەستن بە و داتاو زانیارییەی لەبەردەستدان لە نێوان ساڵانی (2008-2012) دا.

### ***باسی دووەم:  فاکتەرەکانی کاریگەر لە سەر گرفتی نیشتەجێ:***

کاتێك لێکۆلینەوە ئەنجام دەدەین سەبارەت بە خوێندنەوەی کۆمەڵگای کوردستانی لەڕووی ژیان و گوزەرانی ئابووری , گەشەی ساڵانەی دانیشتوان , ئەو یاسایانەی کاریان پێدەکرێت بۆ ڕێکخستنی کەرتی نیشتەجێ ,بەرچاو ڕوونیەکمان دەداتێ :

**لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە** : پەیوەندیە خێزانیەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ڕووی لە لاوازبوونە, بەراورد بەپێش حەفتاکانی سەدەی ڕابووردو کە خۆی لە (ماڵە گەورەکە)دا  دەبینیەوە, کە ئەمەش

تاکە شوێنی حەوانەوەی گشت ئەندامانی خێزان بوو , بە تایبەتیش لە کاتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی خێزانەوە هەتاکو ئەو کاتەی توانای پشتبەستن بەخۆیەوە بۆی دەرخسا بۆ جیابونەوە لە ماڵە گەورەکە. بەڵام لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانی و کۆمەڵایەتی وکرانەوەی هەرێم بە رووی دەرەوەدا کاریگەری خۆی نوا ند لە سەر شێوازی ژیان لەناو کۆمەڵگای کوردستانی لە هەرێمدا , کە ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان گرفتی نیشتجێبوونی قوولتر کردۆتەوە.

**لە رووی ئابورییەوە:**

وەکو ئاشکریە جیهان بە گشتی ڕووبەڕووی تەنگەژەیەکی ئابووری ودارایی بۆتەوە کە بە خرابترین قەیرانی دارایی هەژماردەکرێت لە مێژوودا و کاریگەرییەکانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە بە پێ ی سروشت و هێزی ئابووری ئەم وڵاتە ,عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەدەر نیە لەم کاریگەرییە .

بێگومان ئەم تەنگەژە ئابووریە کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی کردۆتە سەر هەڵاوسانی بازارو بێکاری لە هەرێمی کوردستان, لە دوایشدا کاریگەری و فشار دەخاتە سەر هەموو تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگادا بە تایبەتیش توێژە کەم دەرامەتەکان , کاریگەریەکەش خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

1 - لەدەستدانی هاوسەنگی چینایەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردستانی , ئەمەش لەوە بەدیدەکرێت کە چینی مامناوەند ڕوو لە داخوران و پاشەکشێدایە لە بەرژەوەندی چینی بەرەو ژێرتر کە چینی(کەمدەرامەتەکانە ) کە ئەمەش وایکردووە کە جیاوازییەکی بەرفراوان بەرهەم بێت لە نێوان چینی دەولەمەندو چینەکانی تری کۆمەڵگادا.

2 - کەمی تێکڕایی داهاتی تاکە کەس لە هەرێم . بە پێی سەرچاوەکانی ئامار داهاتی ساڵانەی تاکە کەس لە هەرێم بە 5000 دۆلار ئاماژەی پێدەکرێ, واتە 417 دۆلار لە مانگێکدا. ئەمەش برێکی کەمە بەراورد بە هەڵکشانی هەڵاوسان نرخەکان لە هەرێمدا.

3 - نزمی ئاستی مووچەکان بۆ زۆربەی پلە وەزیفیەکان بۆ کارمەندانی کەرتی گشتی لەسیستمی نوێی مووچەدا, ناتوانن پێداویستیەکانی بنەڕەتیەکانی ژیان دابین بکەم وەکو شوێنی حەوانەوە.

ئەم خاڵە نەرێنیانەی سەرەوە, ئاماژەن بۆ ئەوەی سیستەمی دروستکردنی یەکە یان شوقەی نیشتەجێکردن بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان پێویستە بیرێکی جدی لێبکرێتەوە, کە گونجاو بێت لەگەڵ ئاستی داهاتی ئەم توێژەی سەرەوەدا و بەدیهێنەری ئەمانەتی کۆمەڵایەتی بێت.

**بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە هەرێم:**

نیشاندەرەکانی تێکڕای گەشەی دانیشتوان لە هەرێم بە ( 3٪)ی ساڵانە هەژماردەکرێت , کە ئەم ڕێژەیەش دەکاتە 160530 کەس ساڵانە واتە ساڵانە ئەو بڕەی سەروە زیاد دەکات لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. هیچ نیشاندەرێکیش نیە کە ئاماژە بەوە بدات کە تێکڕای گەشەی دانیشتوان ڕوو لە داکشاندابێت.بۆیەش ساڵ بەدوای ساڵدا قەبارەی گرفتی نیشتەجێ ڕوو لە زیاد بوون دایە.

## بەشی دووەم: سروشت و قەبارەی قەیرانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان

### باسی یەکەم: سروشت و قەبارەی گرفتی نیشتەجێ لە هەرێم

1 - ئەوەی تێبینی دەکرێت دەربارەی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستاندا, ئەوەیە کەوا چڕی دانیشتوان لە سەنتەری شارەکاندا زیاترە بەراورد بە گوندو دێهاتەکاندا. بەپێی ئەو ڕووپێوە ئابووری- کۆمەڵایەتیەی کەحکومەتی عێراقی فیدرال و هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ بانکی نێودەولەتیدا لە دەسپێکی ساڵی 2008 دا ئەنجامیاندا, بۆمان دەرکەوت کەوا تێکڕای ژمارەی ئەو یەکە نیشتەجێبوانەی(خانو , شوقە) کەپێویستە لە هەرێم دروست بکرێت بۆ کرێنیشینان بریتیە لە( 74396) یەکە یان شوقە , هەروەك لە خشتەی خوارەوەدا نیشانمان دەدات:

خشتەی ژمارە(1)سروشتی دابەش بوونی خێزان خانوو لە هەرێم

| خێزان/ خانوو | ژمارەی یەکەی پێویست |
|---|---|
| یەکەی پێویست بۆ دوو خێزان لەناو یەك خانوو | 54405 |
| یەکەی پێویست بۆ سێ خێزان لەناو یەك خانوو | 15828 |
| یەکەی پێویست بۆ چوار خێزان لەناو یەك خانوو | 4163 |
| کۆی گشتی یەکەی پێویست | 74396 |

سەرچاوە: روپێوی ئابووری-کۆمەڵایەتی عێراقی فیدرال وهەرێمی کوردستان و بانکی نێودەولەتی

هێلکاری ژمارە (1)




لەم چارتەی سەرەوەدا بۆما دەردەکەوێت کەوا گەورەترین قەبارەی کورتهێنان لە یەکەی نیشتەجێبوندا لەو خانوانەدایە کە تیایدا دوو خێزان بە یەکەوە ژیان دەگوزەرێنن کە رێژەکەی (73.12٪)یە لە کۆی گشتی یەکەی پێویست بۆ کرێنیشینان لە هەرێم وە رێژەی( 21.27٪ ) لەم

کورتهێنانه بۆ سێ  خێزان له ناو یەك خانوو وه ڕێژەی ( 5.6٪) لەم کورتهێنان بۆ ئەو خانوانەیه که چوار خێزان تیایدا ژیان دەگوزەرێنن تیایدا.

2 - له ساڵی2006 هەتاکو کۆتایی مانگی ئاداری  2012 دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی داوه به (158) پرۆژەی له هەرسێ پارێزگا,هەولێر, سلیمانی,دهۆك و ئیدارەی گەرمیان به سەرمایەی(11 ملیارو 147ملیۆن و  600 هەزار دۆلار), له سەر رووبەری(   23055)دۆنم زەوی, که کۆی ژمارەی یەکەکانیان دەکاته (  138105 ) یەکە[1] به هەردوو جۆریەوە( یەکەی سندوق و یەکەی بێ سندوق واته یەکەی بازرگانی).

3 - ژمارەی یەکەی دروستکراو که سندوقی نیشتەجێبون دەیانگرێتەوە له هەرسێ پارێزگاو ئیدارەی گەرمیان(  20633)  [2] یەکەیەلەسەررووبەری (  3458)دۆنم زەوی که دەکاته ڕێژەی(15 ٪)ی سەرجەم رووبەری تەرخانکراو بۆ یەکەکانی نیشتەجێبون(یەکەی سندوق+یەکەی بازرگانی).

4 - بڕی سەرمایەی وەبەرهێنەکی له نێوان ساڵانی(2006-2012)دا له کەرتی نیشتەجێکردندا نزیکەی 11,148یازده ملیارو سەدو چل و هەشت ملیون دۆلار بوه , لەو بڕە سەرمایه ئاماژەپێکراوە پشکی یەکەی سندوق نزیکەی (            1.672)ملیارێك وشەش سەدو حەفتاودووملیۆن دۆلارە.

---

(1)دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم

(2)دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم

5- پرۆژە ئەنجامدراوەکانی سندوقی نیشتەجێ لە نێوان سالآنی(2007-2012)چەندین کەم و کوڕی پێوەدەبیندرێت لە ڕووی کوالیتی و خزمەتگوزاریدا.

## باسی دووەم: ڕوانگەی شیکاری وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان:

1 - بڕی سەرمایەی وەبەرهێنەکی لە کەرتی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان سالآنی (2007-2008)دانزیکەی (11,148)یازدە ملیارە سەدو چل و هەشت ملیۆن دۆلارە, لەم بڕەی سەرەوەدی پشکی یەکەی سندوق بریتیە لە نزیکەی (1,672)ملیارێك و شەش سەدو حەفتاودوو ملیۆن دۆلار) ە[1] .

2 - لە بودجەی ساڵی 2012 ی حکومەتی هەرێم هیچ بڕێك تەرخان نەکراوە بۆ یەکەی نیشتەجێ.

3 - گوژمەی تەرخانکراو لە بودجەی ساڵی (2010و2011)دا بۆ یەکەی سندوق 350ملیاردینار ە[2].

4 - بودجەی تەرخانکراوی سندوقی نیشتەجێ بۆ ساڵی (2011)بە ڕێژەی 25٪داشکانی بەخۆوە بینیوە بەراورد بە ساڵی( 2010) دا[2].

5 - تەواو نەبوونی کاری پرۆژەکانی نیشتەجێ ی سندوق لەکاتی خۆیدا لە لایەنی کۆمپانیا وەبەرهێنەکاندا.

6 - پرۆژە ئەنجامدراوەکانی یەکەی سندوقی نیشتەجێ لە ڕووی نرخەوە لە ئاست داهاتی توێژە کەمدەرامەتەکاندا نیە چ لە ڕووی نرخ و چ لە ڕووی ماوە و بڕی قستەکان.

---

(1)پرۆژە نیشتەجێیەکانی دەستەی وەبەرهێنان وکاریگەریان لە سەر ئابووری و دانیشتوان و بازاری هەرێمی کوردستان لە 2006/8/1 هەتاکو2012/4/1.

(2) یاسای بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی (2010, 2011).

7- ڕێژەیەك زۆر لە سودمەندان ئەوانن کە کرێنیشین نین, بەڵکو ئەوانەن کە کاری بازرگانی کردن بەم یەکانە دەکەن جا چ خودی کۆمپانیا وەبەرهێنەکە بێت یان کەسانی تری بازرگان.

بەشی سێیەم: خستنەڕووی قەیرانی نیشتەجێ و چارە سەرکردنی بە شێوەیەکی بابەتیانە:

باسی یەکەم: ئەنجامدانی راپرسیەك لە سەرپڕۆژەکانی یەکەی سندوق

دەرئەنجامەکانی فۆرمی راپرسی تایبەت بە پڕۆژەکانی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی یەکەی نیشتەجێ ی سندوق لە هەرێم:

ژمارەی هەڵبژاردەکان/ 11 پڕۆژەی نیشتەجێ سندوق لە کۆی (36)پڕۆژەی یەکەی سندوق لە پارێزگای( هەولێر, سلێمانی, دهۆك ,ئیدارەی گرمیان).

هەڵبژاردەی پڕۆژەکانی پارێزگای هەولێر/ زیلان سیتی , شاری ئەندازیاران ,لاوان , هیران سیتی,ئاینده ,هەرشەم , منارە.

هەڵبژاردەی پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی/ کورد سیتی , رۆژ سیتی , بناری گوێژە.

هەڵبژاردەی پڕۆژەکانی ئیدارەی گەرمیان/ هێلان سیتی.

ژمارەی فۆرمی دابەشکراو/ 437 فۆرم بۆ 11 پڕۆژە

## خشتەی نیشاندەرەکانی خشتەی ژمارە(2)دەرئەنجامی ڕاپرسی لە سەر یەکەی نیشتەجێبووەکانی سندوقی نیشتەجێ

| باری کۆمەڵایەتی | نرخی یەکەی نیشتەجێ | پێش ئەوەی خاوەنداری ئەو یەکەیە بیت | پێشترلە کوێ نیشتە جێبویت | نیشتە جێ کام پارێزگای | گرێبەستە کەت بەناوی کێیە | کام دەستی | بە کام نرخ کڕیوتە | بە چەند دۆلاری ئەمریکی کڕیوتە | سولفەی عەقاری تێدایە | ماوەی نێوان قستەکان | بەشێوەیە کی تەندروست دروسکراوە | کەی تەواو بوو | خزمەت گوزارییەکان | خزمەتگوزاریەکانی تر(کارەبا, ئاو وئاوەڕۆز..هتد | ڕووبەری یەکەی نیشتەجێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خێزاندارم<br>ژمارە 379<br>ڕێژە٪ 89.8 | زۆرگونجاوە<br>ژمارە 52<br>ڕێژە٪ 12.5 | کرێچی نەبوم<br>ژمارە 89<br>ڕێژە٪ 21.4 | لەدەرەوەی هەرێم<br>ژمارە 27<br>ڕێژە٪ 6.4 | سلێمانی<br>ژمارە 54<br>ڕێژە٪ * | یەکێك لە ئەندامی<br>ژمارە 142<br>ڕێژە٪ 33.3 | دەستیدووی<br>ژمارە 66<br>ڕێژە٪ 21.8 | نرخی بازرگانی<br>ژمارە 86<br>ڕێژە٪ 26.5 | s70-90<br>ژمارە 37<br>ڕێژە٪ 11.8 | نەخێر<br>ژمارە 9<br>ڕێژە٪ 9 | گونجاونیە<br>ژمارە 41<br>ڕێژە ٪ 44 | نەخێر<br>ژمارە 56<br>ڕێژە٪ 56.7 | 1 ساڵ دوای<br>ژمارە 132<br>ڕێژە٪ 38.1 | ڤیرتاونەکراوە<br>ژمارە 36<br>ڕێژە٪ 8.6 | ٪80<br>ژمارە 88<br>ڕێژە٪ 20.5 | 200م2<br>ژمارە 313<br>ڕێژە٪ 72.9 |
| [illegible]<br>ژمارە 32<br>ڕێژە٪ 7.6 | [illegible]<br>ژمارە 179<br>ڕێژە٪ 42.8 | کرێچیبووم<br>ژمارە 259<br>ڕێژە٪ 62.4 | لەناوهەرێم<br>ژمارە 383<br>ڕێژە٪ 90.5 | هەولێر<br>ژمارە 288<br>ڕێژە٪ * | سەرۆك خێزان<br>ژمارە 213<br>ڕێژە٪50 | دەستی یەکی<br>ژمارە 214<br>ڕێژە٪ 78.0 | نرخی کۆمپانیا<br>ژمارە 238<br>ڕێژە٪ 73.5 | 40-60s<br>ژمارە 221<br>ڕێژە٪ 70.8 | [illegible]<br>ژمارە 90<br>ڕێژە٪ 90.9 | گونجاوە<br>ژمارە 52<br>ڕێژە 55 ٪9 | بەڵێ<br>ژمارە 41<br>ڕێژە٪ 42.2 | لەکاتی خۆی<br>ژمارە 182<br>ڕێژە٪ 52.6 | ڤیرتاوکراوە<br>ژمارە 370<br>ڕێژە٪ 84.6 | ٪100<br>ژمارە 48<br>ڕێژە٪ 11.16 | 150م2<br>ژمارە 91<br>ڕێژە٪ 21.2 |
| [illegible]<br>ژمارە 11<br>ڕێژە٪ 2.6 | گونجاونیە<br>ژمارە 110<br>ڕێژە٪ 26.3 | لەگەل ئەندامانی خ<br>ژمارە 67<br>ڕێژە٪ 16.14 | لەدەرەوەی عێراق<br>ژمارە 13<br>ڕێژە٪ 3.07 | دهۆك<br>ژمارە 13<br>ڕێژە٪ | کەسێك لەدەرەوەی<br>ژمارە 56<br>ڕێژە٪ 20.9 | دەستی سێی<br>ژمارە 11<br>ڕێژە٪ 3.6 | | 100-120s<br>ژمارە 32<br>ڕێژە٪ 10.2 | | | | 2ساڵ دوای<br>ژمارە 20<br>ڕێژە٪ 5.8 | چەگل ڕێژ<br>ژمارە 11<br>ڕێژە٪ 2.6 | ٪50<br>ژمارە 212<br>ڕێژە٪ 49.3 | 250م2<br>ژمارە 24<br>ڕێژە٪ 22.6 |
| | مامناوەندە<br>ژمارە 77<br>ڕێژە٪ 18.4 | | | گەرمیان<br>ژمارە 46<br>ڕێژە٪ * | کرێچیلە ناویەکە<br>ژمارە 15<br>ڕێژە٪ 8.4 | | | 130more<br>ژمارە 22<br>ڕێژە٪ 7.05 | | | | 3ساڵ دوای<br>ژمارە 12<br>ڕێژە٪ 3.5 | | ٪30کەمتر<br>ژمارە 82<br>ڕێژە٪ 19 | 300م2<br>ژمارە 1<br>ڕێژە٪ 0.23 |

تێبینی/

٭ لەخشتەی سەرەوەدا وشەی(ژمارە) لە ناو خانەکاندا ژمارەی دەنگەکان وێنا دەکات.

★ لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی97.8 ٪ ی خاوەن یەکە نیشتەجێکانی سندوق لە نیشتەجێی پارێزگای سلێمانین.
لە پارێزگای هەولێر 93٪ ی خاوەن یەکەکانی سندوق نیشتەجێی پارێزگای هەولێرن و 2٪ ش هاوولاتی پارێزگای سلێمانین وە 0.7٪خاوەن یەکەکانی سندوق دانیشتوی ئیدارەی گەرمیانن. وە لە ئیدارەی گەرمیان 91.6٪ی خاوەن یەکەکانی سندوق دانیشتووی گرمیانن وە ڕێژەی 6.3٪ی دانیشتووی پارێزگای سلیمانین

## ئەنجامی شیکردنەوەی ئەم راپرسیە سەبارە به پڕۆژەکانی یەکەی نیشتەجێ ی سندوق لە هەرێمی کوردستاندا لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی بەرجستە دەکات:

1 - رێژەی 7.6 ٪ ی خاوەن یەکە نیشتەجێبووەکان سندوقی نیشتەجێ لە هەرێم خێزاندار نین(سەلت)ن.ئەوەش پێچەوانەی ئامانجەکای ئەم سندوقەیە,کە دەبێت ئەو یەکانە , خێزاندارەکان لێی سوودمەندبن.
2 - رێژەی 26.3٪ی خاوەن یەکە نیشتەجێبووکانی سندوق نرخی یەکەکانیان پێ گونجاو نیە. ئەوەش سەد دەر سەد ئامانجی سندوقی نەپێکاوە.
3 - رێژەی 21.4 ٪ی دەنگەکان ئەوە دەسەلمێنن کوا خاوەن یەکە نیشتەجێیەکانی سندوق کرێنیشین نین کە ئەوەش پێچەوانەی ئامانجی سندوقەکەیە.
4 - رێژەی 6.4٪ی خاوەن یەکەکانی نیشتەجێ سندوق لە دەرەوەی پارێزگاکانی هەرێمن واتە دانیشتوی پارێزگاکانی ناوەراست خواروی عێراقی فیدرالن.ئەمەش ئاماژەیەکە ترە بۆ نەپێکانی ئامانجی سەرەکی سندوقی نیشتەجێیە.
5 - یژەی 20.9٪ی خاوەن یەکە نیشتەجێیەکان گرێبەستەکانیان بە ناوی کەسێك لە دەرەوەی خێزانە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی خاوەن یەکەکانی نیشتەجێ سندوق پێشتر کەسانی سوودمەند بوون لەحکومەت هەرێم.

6- ڕێژەی 21.8٪ی خاوەن یەکەکانی نیشتەجێ ی سندوق دەستی دوون ,ئەوەش هاوشانی خاڵی 5
سەرەوە دووبارە سوودمەندی پێشتری خاوەن یەکەکان دەسەلێنێت  کە ڕێژەکانیان زۆر لە یەکتری
نزیکە. ڕێژەی خاوەن یەکەکان ئەوانەی دەستی سێیەمن 3.6٪یە.

7- ڕێژەی26.5٪ی خاوەن یەکە نیشتەجێبووەکان بە نرخی بازرگانی ئەو یەکە نیشتەجێیەیان بە دەست هێناوە چ لەڕێگای کۆمپانیا وەبەرهێنەکانەوە بێت یان لەڕێی ی نوسنگە بازرگانەکانەوە.کە ئەم ڕێژەیەش ڕێکە لەگەڵ هەردوو خاڵی (5) و(6).

8- ڕێژەی  9٪ی یەکەکانی نیشتەجێ ی سندوق بە پێ ی  ئەو دەنگانە ی کە لە دەرئەنجامی ڕاپرسیکەدا هاتووە سولفەی عەقار نایانگرێتەوە, ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە ئەم یەکەنیشتەجێیانە ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆمپانیا وەبەرهێنەکانەوە بە نرخی بازرگانی فرۆشراوەتە هاوولاتیان.

9- ڕێژەی  44٪ی دەنگەکانی ئەم ڕاپرسیە پێیان وایە ماوەی نێوان قستەکان و بڕی قستەکان ناگونجێت لەگەڵ ئاستی داهاتیان.

10- ڕێژەی  56.7٪ی دەنگەکان پێیان وایە کە ئەم یەکانە سندوق بە شێوەیەکی تەندروست و کوالیتی باش دروست نەکراون.

11- ڕێژەی 47.4٪ی دەنگەکان دەڵێن یەکە نیشتەجێبووەکان لەکاتی خۆیدا تەواو نەبوونە لە ( 1
ساڵ- 3ساڵ) لەکاتی خۆیدا دواکەوتوون.

12- ڕێژەی19٪ی دەنگەکان دەڵێن خزمەتکوزرییەکان لە 30٪ کەمتر ئەنجامدراوە  وە ڕێژەی 49٪ی دەنگەکان دەڵێن لە  5٪ی خزمەتگوزاری ئەنجامدراوە  وە  20٪ی دەنگەکان پێیان وایە  80٪ی خزمەتگوزارییەکان ئەنجامدراوە.

13- ڕێژەی8.6٪ی دەنگەکان ئاماژە دەدەن بەوی کەرێگاکانی ناو پڕۆژەکی قیرتاو نەکراوە  وە ڕێژەی 2.6٪ی دەنگەکان دەڵێن ڕێگاکان چەگل ڕێژ کراوە.

## دەرئەنجامەکانی راپرسی:

یەکەم:

هەبوونی گرفتی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاوو دیار, بەتایبەتیش لە رووی نرخ و برِو ماوەی نێوان قستەکان کەلە ئاست داهات وخواستی توێژە کەمدەرامەتکاندا نیە[1].

دووەم: لە ژێر رۆشنایی ئابووری ئازاد و بە کەرتی تایبەتکردنی بازار, لە داهاتودا رۆڵی حکومەت کەمدەبێتەوە لە گشت کەرتەکاندا بە تایبەتیش لە کەرتی نیشتەجێبوندا کە ئیستا ئاراستەیەکی هاوبەشی وەرگرتووە لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا.

سێهەم:

چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێ بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان لە هەرێم لە ژێر رۆشنایی ئەو داتاو زانیاریانەی ئیستا لەبەردەستدان , پێویستی بە پلانێکی درێژخایەن هەیە.

بە گریمانەی ئەوەی تێکرای رێژەی گەشەی دانیشتوان لە هەرێم جێگیربێت بە رێژەی ئیستا کە ( 2.6٪) یە[2] , وە پێویستی ئیستای توێژی ئاماژەپێکراوی سەرەوە لە هەرێم بۆ یەکەی نیشتەجێبوون بریتیە لە ( 74396) یەکەی نیشتەجێبون[2] , واتە لە ماوەی پێنج ساڵدا دەتواندرێت ئەم قەیرانە چارەسەربکرێت ئەویش ساڵانە ( 14880) یەکەی نیشتەجێبون لە سەرتاسەری هەرێم دروستبکرێ, جگە لە دروستکردنی (5660) یەکەی نیشتەجێ بۆزیادبوونی ساڵانەی خێزانە هەژارەکان لەهەرێم. ئەوانەی هاوسەرگیری پێکدێنن, لە کۆی گشتی ژمارەی گەشەی خێزان لەهەرێمدا بریتیە لە (31160)[2] خێزان ساڵانە ,کەواتە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتودا حکومەتی هەرێم پێویستە ساڵانە

---

(1)استراتيجيات معالجه الاسكان لذوي الدخل المنخفض في اقليم كوردستان . حزيران UN HABITAT.2012.

(2)المسح الاجتماعى-الاقتصادى في العراق /2009(IHSES)

(20540) یەکەی نیشتەجێبون دروست بکات تەنها بۆ توێژی ئاماژەپێکراو , واتە سەرجەمی ئەو یەکانەی پێویستە لەماوەی پێنج ساڵدا دروست بکرێت ( 102700)یەکەیە تاکو گرفتی کرێچیەتی لە هەرێم کۆتای پێبێت.

**بەشی چوارەم:** (سندوقی نیشتەجێ و شیکردنەوەیەکی بابەتیانە لە نێوان ساڵانی(2012-2008):

سەرەڕای دەرکردنی یاسای ژمارە (7) ساڵی 2008 کە تایبەتە بە(دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-عێراق) کە ناسراوە بە سندوقی نیشتەجێ. بە پێ ی ئەم یاسایە نرخی هەر یەکەیەکی سندوق بە ( 50000) دولاڕ خەملێنرا , 50٪ ی ئەم نرخە دەکەوێتە سەر سندوقی نیشتەجێ کە لەدوای تەواو بوونی یەکەکە لە لایەن سوودمەندەکە بە قستی مانگانە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت , بەڵام 50٪ ی تر لە نرخەکە لەکاتی دەسپێکی پرۆژەکە لە لایەن سوودمەند دەدرێت بە کۆمپانیا بە قستێکی پێشەکی کە بڕکەی 10٪ی 25000 دۆلارە و ئەوەی دەمێنێتەوە لەو بڕەی ئاماژە پێکراوە بە قستی مانگانە دەدرێت بە کۆمپانیا , کە گرفتەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە لە توانای توێژە کەمدەرامەتەکاندا نیە ئەم قستە مانگانیە بدات بە کۆمپانیا , بۆیە ئەم یاسایە وەکو پێویست نەیتوانیوە قەیرانی نیشتەجێ بۆ توێژی سەرەوە چارەسەر بکات بەڵکو تاکە سوودمەند خودی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانن نەوەك توێژی کرێنیشینان.

باسی یەکەم:

## 1- پێداویستی ئیستاو داهاتوی هەرێم بۆ یەکەی نیشتەجێبون بۆ توێژی کرێنیشینان:

پێداویستی ئێستای هەرێم لە یەکەی نیشتەجێبون بۆ توێژی کرێنیشینان( 74396)[1] یەکەی نیشتەجێ یان شوقەیە .واتە سالأنە هەرێم پێویستی بە دروستکردنی ( 14880) یەکەی نیشتەجێبونە هەتاکو پێنج ساڵ تاوەکو گرفتی نیشتەجێ چارەسەربکات, ئەوا جگە لە (5660)[2] یەکەی نیشتەجێ بۆ زیادەی سالأنەی خێزانە کەمدەرامەتەکان واتە سالأنە هەرێم پێویستی بە دروستکردنی(20540) یەکەی نیشتەجێیە هەتاکو پێنج ساڵ تاکوبتوانێت ئەم کێشەیە بنبڕبکات.

---

(1)روپێوی کۆمەلأیتی-ئابووری خێزانی عێراقی(IHSES ) 2009 ص 11.

(2) استراتیجیات الاسکان معقول الکلفه فی اقلیم کوردستان-حزیران 2012 ص11ص12

خشتەی ژمارە(3)پێداویستی هەرێم بۆ یەکەی نیشتەجێ بوون پێشبینی کراولە (2017-2012)

| ژمارەیەکەی نیشتەجێ پێویست سالآنە بۆ توێژیکەمدەرامەتکان | ژمارەی سالآنەی زیادبوونی خێزانە کەمدەرامەتەکان[2] | ژمارەی سالآنەی زیادبوونی خێزان[2] | کورتهێنانی یەکەی نیشتەجێ | تێکرای یەکەی پێویستی سالآنە لە هەرێم | ژمارەی خێزانان لەهەرێم[1]. | سالّ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| — | — | — | 74396 | 74396 | 1131700 | 2012 |
| 20540 | 5660 | 28300 | 59516 | 14880 | 1160000 | 2013 |
| 20540 | 5660 | 28300 | 44636 | 14880 | 1188300 | 2014 |
| 20540 | 5660 | 28300 | 29756 | 14880 | 1216600 | 2015 |
| 20540 | 5660 | 28300 | 14880 | 14880 | 1244900 | 2016 |
| 20540 | 5660 | 28300 | 0 | 14880 | 1273200 | 2017 |
| 102700 | 28300 | 141500 | | 74396 | | کۆی |

خشتەی سەرەوە نیشانمان دەدات کەوا  سالآنە پێویستە حکوممەتەی هەرێم (        20540) یەکەی نیشتەجێ دروست بکات بۆ ماوەی پێنج سالّ( 2017-2013) هەتاکو بتوانێت قەیرای نیشتەجێ بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان بنبڕ بکات , واتە لەماوەی ئەم پێنج سالّە پێویستە حکومەتی هەرێم پلانی هەبێت بۆ دابین کردنی(102700) یەکەی نیشتەجێ بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان.

باسی دووەم: *-ڕۆلی سندوقی نیشتەجێ لە چارەسەری گرفتی نیشتەجی لە هەرێم(2012-2008):*

سروشتی ئابووری – کۆمەلأیەتی هەر ولآتێك ئاوێنەیە بۆ ڕادەی پێشکەوتنی ئەو ولآتە. بۆیە شیکردنەوەی ئەم سروشتە لە هەر کۆمەلّگایەك دەتواندرێ لە چەندین نیشاندەری جیا جیادا بە دەست بهێندرێت, یەکێك لەوانە کەرتی نیشتەجێیە کە خۆی لە قەبارەی گرفتی نیشتەجێ و چارەسەرکردنی بۆ توێژەکەمدەرامەتەکان دەبینێتەوە.

---

(1) دەستەی ئاماری هەرێم. ڕووپێوی ئابووری-کۆمەلأیەتی خێزانی عێرقی 2009 . گەشەی دانیشتوان= 2.5٪ , تێکرای قەبارەی خێزان= 4.8 ,

(2) ستراتیجیەتی چارەسەری کێشەی نیشتەجێ لە هەریم /وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێم بە یارمەتی هەبیتات. تێکڕای گەشەی خێزانە کەمدەرامەتەکان = 20٪ کۆی زیادبوونی خێزان لەهەرێم, ص12 .

بۆیەش پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە( )ی 23 ڕۆژی ( 2008/6/3)دا بڕیاری دەرچوواندنی ( یاسای ژمارە ( 7)ی ساڵی 2008 دا بەناوی یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

بە پێ ی ئەم یاسایەی سەرەوە و پاڵپشت بە بڕگەکانی ماددەی ( 14) لە یاسای وەبەرهێنان ژمارە(4)ی ساڵی 2006, ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لە ساڵانی(2007،2008،2009،2010،2011)ئەو بڕانەی یەك بەدوای یەك( 153.240-186.030-276.840-200ملیار-150ملیار)دینار تەرخانکرد بۆسندوقی نیشتەجێ کە کۆی گۆژمەکە دەکات (966110)نۆسەدوشەست شەش ملیارو سەدویازدە ملیۆن دینار هەروەك خشتەی خوارەوەدا نیشانی دەدات:

خشتەی(4) کورتهێنان و ژمارەی یەکەی نیشتەجێ ئەنجامدراو(2007-2012)

| ساڵ | بڕی تەرخانکراوی سندوق/ملیۆن دینار | ژمارەی یەکەی ئەنجامدراو/دەستەی وەبەرهێنان.[1] | پێویستی ساڵانەی هەرێم لە یەکەی نیشتەجێبوون.[2] | کورتهێنان لە یەکەی نیشتەجێبون |
|---|---|---|---|---|
| 2007 | 153,240 | 5138 | 46096 | 40958 |
| 2008 | 186,030 | 6267 | 51756 | 45489 |
| 2009 | 276,840 | 9052 | 57416 | 48364 |
| 2010 | .[3]200,000 | 176 | 63076 | 62900 |
| 2011 | .[4]150,000 | — | 68736 | 68736 |
| 2012 | — | — | 74396 | 74396 |
| کۆی گشتی | 966,110 | 20633 | — | — |

(1) دەستەی وەبەرهێنای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

(2) ڕووپێوی ئابووری-کۆمەڵایەتی خێزانی عێراق 2009 (IHSES).

(3) بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە 72لە 2010/6/7.

(4) یاسای بوودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011.

ژمارەی یەکەی نیشتەجێ و شوقەی ئەنجامدراو لە هەرێم هەتاکو ساڵی 2012:

★دەستەی وەبەرهێنان/ 20633 یەکەی نیشتەجێ.

★وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە/5123 یەکە و شوقەی نیشتەجێ.

بەپێ ی ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنان بۆ ساڵانی( 2007-2012), لە هەرێمی کوردستاندا (20633) یەکەی نیشتەجێ سندوق ئەنجامدراوە بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان.

لە هەمان ساڵانی ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان(5123)یەکەو شوقەی نیشتەجێ ئەنجامداوە , واتەکۆی یەکەو شوقەی ئەنجامدراو لەهەرێم دەکاتە ( 25756) یەکەو شوقە.ڕووبەری تەرخانکراو بۆ یەکە نیشتەجێبووەکانی دەستەی وەبەرهێنان نزیکەی ( 57637500 م2) یە پەنجاو حوت ملیۆن و شەش سەدو سی و حەوت هەزارو پێنج سەد مەتر دووجایە بۆ هەردوو جۆر {یەکەی سندوقو یەکەی بێ ((بازگانی(سندوق پشکی یەکەی سندوق کە ژمارەی ( 206339)یەکەی نیشتەجێبونە لەم ڕووبەرەی سەرەوەدا بریتیە لە ( 8624594 م2) ئەوەی دەمێنێتەوە بریتیە لە ( 49012906م2) بۆ یەکەکانی نیشتەجێ بێ سندوقە واتە یەکەی بازرگانی ئەمەش دەکاتە ( 245065) پارچە زەوی بە ڕووبەری (200م2) درا بە کۆمپانیا بازرگانەکان بە مەبەستی دروستکردنی یەکەی نیشەجێ ی بازرگانی بۆ توێژە هەبووەکانی کۆمەڵگای کوردستانی نەك توێژە کەمدەرامەتەکان کە خۆی لە کرێنیشیناندا دەبینێتەوە ,بەمەش لایەنی سوودمەند تەنها کۆمپانیا بازگانەکان بە پلە یەك و هاوڵاتیانی دەرەوەی توێژی مەبەست بوون لە کۆمەڵگەی کوردستانی.

گریمان تێکڕای نرخی 1م2 =150 دولاری ئەمریکیە(تێبینی: ئەمە لایەنی کەمی نرخی( 1م2)یە کەئێستا چەندجاری ئەم نرخەیە).

واته نرخی هەر پارچە زەویەك=30000 دۆلاری ئەمریکیە.

کەواتە نرخی (245065) پارچە زەوی=7351950000 حەوت ملیارو سێ سەدو پەنجاویەك ملیۆن و نۆسەدوپەنجا هەزار دۆلاری ئەمەریکی.

تێچوونی دروستکردنی هەریەکەیەکی نیشتەجێبوون لە سەر رووبەری( 200م2 ) =50000 دۆلاری ئەمریکی [1].

کەواتە بە گوژمەی فرۆشتنی ئەو رووبەرەی کە تەرخانکراوە بۆ یەکەی بێ سندوق(تجاری) کە دەکاتە(7351950000)دۆلاری ئەمەریکی دەکرا (147039)یەکەی نیشتەجێبوون لە سەر ئەو

رووبەررەی کە تەرخانکراوە بۆ یەکەی سندوق واتە( 8624594م2) دروست بکرێت بۆ کرێنیشینان ,بە مەش نەك تەنها ( 100٪ )ی قەیرانی نیشتەجێ چارەسەردەکرا بەڵکو بگرە هەتاکو( 13) ساڵی داهاتوو واتە ساڵی 2025 قەیرانی نیشتەجێ چارەسەردەکرا ,بەپێ ی ئەوەی کەوا ژمارەی کرێنیشینان لە هەرێم( 74396) کرێنیشینە و ژمارەی زیادەی ساڵانەی خێزانە کەمدەرامەتەکان (5660)خێزانە لە هەرێم[2].

باسی سێیەم:

***کۆلەگەکانی چارەسەری قەیرانی نیشتەجێ بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان:***

تێڕوانینمان بۆ چارەسەری گرفتی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بۆ توێژەکەمدەرامەتەکان خۆی لە سێ تەوەری گرنگدا دەبینێتەوە:

**1**- گۆڕینی تێڕوانینی (تاك)ی هاووڵاتی کوردستانی بۆ یەکەی نیشتەجێبون:

لە دەرئەنجامی هەموو ئەو فاکتەرو هەل ومەرجانەی هۆکارو کاریگەرن لە سەر زیاد بوونی قەیرانی

(1)یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (4) ساڵی 2006 هەرێمی کوردستان.

2 )ستراتیجیەتی چارەسەری قەیرانی نیشتەجێ بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان لەهەرێمی کوردستان-حزیران HABITAT/2012

نیشتەجێبوون, بۆیە پێویستە تێڕوانینی تاك یان گەنجانی کوردستانی گۆرانکاری بەخۆوە ببینێت, بەتایبەتیش ئەوانەی ئارەزویان لە ژیانێکی سەربەخۆیە لە ناو شوقەیەکی نیشتەجێبوندا بەکوالیەتیەکی تەندروست لەڕووی رووناکی و مەرجەکانی تەندروستیەوە دور لە بەفیڕۆدانی توانا دارایەکان لە دروستکردنی لە ژووری میوانداری و چێشتخانە و..هتد کە بەشێوەیەکی کەم بەکاردەهێندرێت لە ناو ماڵدا , کەدەبێتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان هەتاکو ئەو کاتەی توانای دارایەکانیان و پێداویستیەکانیان زیاد دەکات ئینجا دەتوانێت ئەم شوقەیە بگۆرێت بە شوقەیەکی فراوانتر یان بە یەکەیەکی نیشتەجێبون.

## 2- گۆڕینی چەمکی (مفهوم)ی وەبەرهێنان لە سێکتەری نیشتەجێ:

لە ژێر فشاری قەیرانی نیشتەجێبوون کە ئیستاکە بوونی هەیە لە هەرێمی کوردستان, پێویستە گۆڕانکاری لە سێ ڕوودا بەسەر شێوازو چەمکی وەبەرهێنان دابێت کەبەشێوەیەك لەگەڵ سروشت و قەبارەی نیشتەجێدا گونجاوبێت:

أ-پێویستە لە سەر وەبەرهێن گرنگی بدات بە رۆلی سەرمایەگوزاری لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگادا, ئەمەش دوو سوود دەبەخشێت :

- دەبێتە یارمەتی دەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا وە هەروەها دەرفەتێکە بۆ خستنەگەڕی سەرمایە.
- هەبوونی ئەمانەتی کۆمەڵایەتی , ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ زیاتر بەدەست هێنانی سوود و قازانج.

ب-پێویستە سەرمایەگوزاری لە سێکتەری نیشتەجێدا بە شێوازێکی تازە پەیڕەو بکرێت , ئەویش بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبون یان شوقەی نیشتەجێ بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان کە خۆی لە

چینی مام ناوەند و بەرەو ژێتر دەبینێتەوە , ئەم دوو توێژەش ئاستی جیاوازیان لەرووی ئارەزو و توانادارایەکان لەیەکتری نزیکن.

ج-پێویستە سەرمایەگوزاری لە سێکتەری نیشتەجێدا لە سەر بنەمای دراسەت و لێکۆلینەوە لە پێداویستیەکانی توێژی هەژاراندا بێت لە کۆمەلگا,وەلە ئاستی سنووری داهاتیاندابێت, ئەمەش بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیە کە ئیستاکە لە نێوان ئەو یەکە نیشتەجێە نرخ بەرزانەو توانا دارایاکانی ئەم توێژەکەمدەرامەت بەدیدەکرێت.

3-هەبوونی هەلی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی داهات و قازانج لە بواری سەرمایەگوزاری لە سێکتەری نیشتەجێبوندا.

سەرەڕای هەموو ئەو هەل و مەرجانەی کە لە پرۆسەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبون و نەبوونی بازارێکی جێگیر بۆ خانووبەرە بەدیدەکرێت, بەلام هەل و بوارەکانی سەرمایەگوزاری بە دەستهێنانی داهات و قازانج لەم سێکتەرەدا کراوەیە بوونی هەیە لە بەر دوو هۆکار:

- ⋆کورتهێنان لە یەکەی نیشتەجێ یان شوقەی نیشتەجێدا بوونی هەیە لە هەرێم , کە ئەمەش داخوازی بەردەوام لە سەر یەکەی نیشتەجێبووندا بۆ چەند سالی داهاتوو دەگەیێنێ.
- ⋆یەکە یان شوقەی نیشتەجێبوون پێویستیەکی سەرەکی و هەستیاری هەرتاکێکە لە کۆمەلگای کوردستانیدا , ناکرێت فەرامۆش بکرێت ویان بەدیلێکی تر شوێنی بگرێتەوە.

کۆتایی:

ئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان:

یەکەم: ئەنجامەکان

پوختەی ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیدا بەدەست هاتوون ئەمانەن:

1- هەبوونی گرفتێکی ڕاستەقینەی نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان(کرێنیشینان).

2- نەبوونی پلانێکی تۆکمەی درێژخایەن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بۆ توێژە کرێنیشینانی هەژار. ئەو پلان و هەولانەی کە لە ڕابووردودا پیادە کراوە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە ,تەنها هێورکەرەوەی کاتی کێشەکە بووە نەك چارەسەری ریشەیی گرفتەکە.

3- بەفیڕۆدان و تەرخانکردنی رووبەرێکی زۆرو بەرفراوان لە زەویە کشتوکاڵیەکان لە دەوروبەری سەنتەری پارێزگاکان بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی بواری دروستکردنی یەکەی (بازرگانی).

4- کەرتی نیشتەجێ  سێکتەرێکی هەستیار و گرنگە, لەتوانای دایە ژمارەیەکی بەرچاو لە بێکاران لەخۆبگرێت ودەرفەت لە بەردەم سەرمایەگوزاری سوود بەخش و پارێزراو بڕەخسێنێت لە هەرێمدا.

5- ئەزموونی ڕابوردوو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێ لە هەرێم لە ئاستی پێداویستی توێژە کەمدەرامەتەکاندا نەبووە , چ لە رووی سوودمەندی ئەم توێژە وە چ لە رووی کوالیتی و نرخی یەکە یان شوقە نیشتەجێبوەکاندا.

**دووەم: راسپاردەوپێشنیارەکان**

**بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەو را سپاردانەی خوارەوە دەخینە روو:**

**1 - پێویستە زۆرترین لێکۆلینەوەو توێژینەوەی چروپڕو  قوول  لە لایەن ئەوانەی  تایبەتمەندن و گرنگی دەدەن بەم سێکترە , ئەنجام بدرێت , ئەوەش بەدانانی پلانێکی ستراتیجی درێژ خایەن بۆ چارەسەری ریشەیی ئەم قەیرانە.**

**2 - گۆڕانکاری لە شێوازو فەلسەفەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبووندا , بۆ رووبەرو بوونەوەی گۆڕانکاری پێشهاتە لە پێکهاتەی دانیشتوان کە خۆی لە توێژمەهەژاران لەناو کۆمەڵگادا دەبینێتەوە.**

3 - تەرخانکردن و هاندانی زیاتری سەرمایەگوزاری لەکەرتی نیشتەجێکردندا ,کەبەسێکتەرێکی سوودبەخش پارێزراو ناوزەد دەکرێت ,لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی سەرمایەگوزاری بە ئاراستەی خزمەت و چارەسەری گرفتی نیشتەجێبوون کە بە قازانجی توێژە کەمدەرامەت و مام ناوەندەکاندا بشکێتەوە.

4 - گۆڕینی سیستەمی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ لە شێوازی ئاسۆیی بۆ شێوازی ستوونی(شوقەی نیشتەجێبوون).

5 - سەرپەرشتیکردنی ئەنجامدانی پرۆژەی یەکە نیشتەجێکردنەکان لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتجێکرنەوە بێت.

-تەواو-

## پوختەی توێژینەوە

مەبەست لەم توێژینەوە زیاتر ئاشنا بوون بە دۆخ و قەبارەی قەیرانی نیشتەجێکردنە لە هەرێمی کوردستان, هەروەها لێکۆڵینەوە کردن لەرۆڵی سندوقی نیشتەجێ و کۆمپانیا وەبەرهێنەکان لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کە بە شێوەیەکی دیار لە چینە کەمدەرامەتەکان خۆی بەرجەستە دەکات. بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئەم لێکۆلینەوەیەش چەند گریمانەیەکمان دارشت سەبارەت بە پەیوەندی و رۆڵی سندوقی نیشتەجێ لە کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێکردن, بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە شێوازی (وەسفی)وشیکاری بۆ لێکۆلینەوە لەگۆراوەکانی توێژینەوەکە بەستراوە, لە رێگای ئامادەکردنی فۆرمێکی راپرسی کە وەلامدەرەوەی پرسیارو تێستی گریمانەکانە, کەبریتی بوو لە (437)فۆرم بەسەر (11) پرۆژەی نیشتەجێی سندوق لە هەر سێ پارێزگا (هەولێر, سلێمانی, دهۆك, ئیدارەی گەرمیان).

دوای کۆکردنەوەی سەرجەم فۆرمەکانی راپرسی و شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان بەپێی بەرنامەی شیکردنەوەی ئاماری, ئەم دەرئەنجامانەی لێکەوتەوە:

1 - هەبوونی گرفتی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش بۆ توێژە کەمدەرامەتەکان.
2 - نەبوونی پلانێکی درێژخاێن و گونجاو بۆ چارەسەری ریشەی ئەم گرفتە.
3 - ئەزموونی رابوردوی حکومەتی هەرێم لەو بوارەدا لە ئاست پێداویستی چینی کرێنیشینانی هەژاردا نەبووە.
4 - بەفیرۆدانی رووبەرێکی بەرفراوان لە زەوی کشتوکاڵی, بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیا وەبەرهێنەکان.

لە کۆتایدا راسپاردەو پێشنیارەکان ئەمانەن:

1 - پێویستە زۆرترین لێکۆلینەوە و توێژینەوە ئەنجام بدرێت, بەمەبەستی چارەسەری ئەو تەنگەژەیە بۆ چینە ئامانجدارەکان(هەژاران).

2 - گۆرانكاری له شێوازو فەلسەفەی دروستكردنی یەكەی نیشتەجێدا, بۆ رووبەرو بوونەوەی گۆرانكاری پێشهاتە لە پێكهاتەی دانیشتوان كە خۆی لە كرێنیشینانی چینی هەژار دەبینێتەوە.

3 - تەرخانكردن وهاندانی زیاتری سەرمایەگوزاری لە كەرتی نیشتەجێكردندا.

4 - گۆرینی سیستەمی دروستكردنی یەكەی نیشتەجێ لە ئاسۆییەوە بۆ ستونی(شوقەی نیشتەجێ).

5 - سەرپەرشتیكردن و جێبەجێكردنی پرۆژەكانی نیشتەجێ لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن بێت.

**سەرچاوەكان:**


1 - ڕوپێوی ئابووری-کۆمەلأیەتی خێزانی عێراقی(IHSES)2009.

2 -استراتيجيات معالجة الاسكان لذوي الدخل المنخفض في إقليم كوردستان.

3 -عبد الفتاح محمد صلاح ,واقع ازمة الاسكان و سوق العقارات في مصر2004.

4 - د.سعاد نورالدين ,السكان و لتنمية .

5 -ا.د عاطف الخرابشة و د.عثمان غيم(( دراسات في التخطيط العمرانى والبيئي/ الجزء الثاني)).

6 -د.حمد الفضيلي, الجغرافية الاجتماعية.

7 -د.فتحي محمد ابو عيانة/جغرافية السكان.

8 -د. عبدالفتاح محمد وهيبة/في جغرافية العمران.